**حکومەتی هەریمی کوردستان – عیراق**

**وەزارەتی خویندنی بالا و تویژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەلاحەددین – هەولیر**

**کۆلیژی ئاداب**


# (کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان قوتابیان)

تویژینەوەیەکی مەیدانییە لە کۆلیژی ئاداب.

پێشکەش بە بەشی (کۆمەڵناسی) کراوە, وەک بەشێک

لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی


ئامادەکراوە لەلایەن:

**پەیام صالح عزیز**

بەسەرپەرشتی:

**م. ی. روستم صابر مصطفى**


**٢٠٢٣ – ٢٠٢٤**

بسم الله الرحمن الرحيم

{فَمَنِ اتَّقَىٰ وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ}

صَدَقَ اللهُ العَظيم

سورەتی الاعراف، ئایەتی:35

**پێشکەشە بە...**

- بەدایک و باوکی خۆشەویستم
- بەمامۆستای سەرپەرشتیارم (م. ی. روستم صابر مصطفی)
- بەهاورێ شیرینەکانم
- بەگشت فێرخوازانی بەشی کۆمەڵناسی

**سوپاس و پێزانین بۆ ...**

- خودای بەخشندەی میهرەبان کەتوانای پێبەخشیم ئەم توێژینەوەیە بەئەنجام بگەیەنم.
- دایک و باوکی خۆشەویستم کەمنیان گەیاند بەم ڕۆژە.
- بە مامۆستای سەرپەرشتیارم مامۆستا (م. ی. روستم صابر مصطفى) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوە زانستیەی گرتە ئەستۆ.
- باوکی ئازیزم کە پاڵپشتم بووە.

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| قورئانی پیرۆز، الأية: ٣٥ - سورة الاعراف | أ |
| پێشکەشە بە | ب |
| سوپاس و پێزانین | ج |
| پێرست | د - ه |
| پێشەکی | ١ |
| **دەروازەی یەکەم / لایەنی تیۆری توێژینەوەکە** | |
| بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان | |
| باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە | ٣ |
| ١- گرفتەکانی توێژینەوەکە | ٣ |
| ٢- گرنگییەکانی توێژینەوەکە | ٣ - ٤ |
| ٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ٤ |
| باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان | ٤ - ٥ |
| بەشی دووەم:  خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشووتر و تاوتوێکردنیان | |
| یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان | ٧ - ٩ |
| دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان | ٩ - ١١ |
| سێیەم: توێژینەوە بیانییەکان | ١١ - ١٢ |
| بەشی سێیەم: کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان قوتابیان | |
| باسی یەکەم:- سەرهەڵدان و دروست بوونی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | ١٤ - ١٦ |
| باسی دووەم :- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | ١٧ -١٨ |
| باسی سێیەم:- لایەنە ئەرێینی و نەرێنیەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | ١٩ - ٢٠ |
| باسی چوارەم:- ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی | ٢١ |
| باسی پێنجەم:- تۆرە کۆمەلاتییەکان و پەیوەندی بە کارلێکی کۆمەڵایەتی | ٢٢ - ٢٣ |
| **دەروازەی دووەم / لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** | |
| بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری کارایە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە: | |

| | |
|---|---|
| ١- میتۆدی توێژینەوە | ٢٥ |
| ٢- کۆمەڵگای توێژینەوە | ٢٥ |
| ٣- نموونەی توێژینەوە | ٢٥ - ٢٦ |
| ٤- بوارەکانی توێژینەوە: | ٢٦ |
| أ. بواری شوێن | ٢٦ |
| ب. بواری مرۆیی | ٢٦ |
| ج. بواری کات | ٢٦ |
| ٥- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری | ٢٦ |
| ٦- ئامرازە ئاماریە بەکارهاتووەکان | ٢٦ |
| بەشی پێنجەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان: | |
| باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان | ٢٨ - ٤٠ |
| باسی دووەم: ئەنجام و پیشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە | ٤١ |
| یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ٤١ |
| دووەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ٤٢ |
| سێیەم: پێشنیارەکانی توێژینەوەکە | ٤٣ |
| سەرچاوەکان | ٤٤ - ٤٦ |
| پاشکۆ | ٤٧ - ٤٩ |

# پێشەکی

پاش سەرهەڵدانی تۆری ئەنتەرنێت و پاشان تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و یان تۆرەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی و زانستی و سیاسی و رۆشنبیری ئەم تۆرانەبوون بە بەشێک لە ژیانی رۆژانەی بەکارهێنەرانی، بە جۆرێک رێژەی بەکارهێنەرانی لەسەر ئاستی جیهان زیاترە لە ملیارێک بەکارهێنەر کە زانیاری هەمەجۆر با شێوەی نوسین و وێنە و ڤیدیۆی تێدا بڵاودەکرێتەوە وە لە میانی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە تۆرە کۆمەڵاتییەکان خستویانەتە بەردەستی بەکارهێنەرانی وایکردووە کە کەسانی بەکارهێنەر کاریگەر بن بەو تۆرانەو لەناو ئەو بوارانەشدا پرسی هۆشیاری کۆمەڵایەتی خاڵی بنەرەتی ئەم توێژینەوەیە دەبێت بە شێوەیەکی گشتی و تایبەت لەسەر توێژی گەنجان، بۆ گەشتن بە داتاو بنەمای زانستی نویَ و بۆ زانین و بەدەستخستنی ئاستی ئەو هۆشیاریانەی کە گەنجان هەیانە دەربارەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییەکانی دەبێت بگەرێینەوە بۆ سەرەتاکانی زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی چونکە هۆشیاری و کۆمەڵایەتی با پێی هەلومەرجی کۆمەڵگاو ئاستی رۆشنبیری تاک و جوگرافیای ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاواز و گۆراوە.

ئەم توێژینەوە هەوڵێکی توێژەرە بو دەرخستنی کاریگەری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابییان، کە توێژینەوە کە  لە پێنج بەشی سەرەکی پێک دێت

بەشی یەکەم بریتییە لە رەهەندی توێژینەوەکە کە هەریەکە لە (گرفت و گرنگی و ئامانج و چەمکەکانی توێژینەوە) پێکدێنیت، هەرچی بەشی دووەم توێژینەوەیە خۆی دەبێنیتەوە لە گرنگترین توێژینەوەکانی پێشو لەسەر بابەتەکە، هەروەها بەشی سێیەم خۆی دەبێنیتەوە لە یەکەم سەرهەڵدان و دروستبوونی تۆرە کۆمەڵاتییەکان تۆرە کۆمەڵاتییەکان لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە کارلێکی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەشی چوارەم خۆی دەبێنیتەوە لە میتۆدی توێژینەوە کۆمەڵگای توێژینەوە نموونەی توێژینەوە بوارەکانی توێژینەوە وەک : ١- بواری شوێن ٢- بواری مرۆیی ٣- بواری کات، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان.

هەروەها بەشی پێنجەم خۆی دەبێنیتەوە لە خستنەروو شیکردنەوەی زانیارییەکان، خستنەرووی زانارییە گشتییەکانی توێژینەوە خستنەرووی زانارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە، پوختەی ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی توێژینەوەکە.

## دەروازەی یەکەم / لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### بەشی یەکەم: ڕەهەنەدەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

١- گرفتەکانی توێژینەوەکە

٢- گرنگییەکانی توێژینەوەکە

٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە

### باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان

## باسی یەکەم ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم/ گرفتی توێژینەوەکە:

جیهانی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کردووە کەزۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە, کۆمەڵگای کوردیش بەهۆی ئەو پێشکەوتنە؛ بێبەش نەبووە لەو بوارە ئەلیکترۆنییە کە بەشێکی زۆری تاکەکانی کوردستان بەکارهێنەری ئەو بوارەن بەگشتی و فەیسبووک (Facebook) بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت یەکێکە لە ئامرازەکانی یاخود هۆکارێکی پەیوەندییە لەنێوان دوو لایەن یان زیاتر بۆیە لەڕۆژگاری ئێستادا تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وەک هێزێکی کاریگەرن لەنێو پەیوەندییە مرۆییەکان لەبوارە جیاوازەکانی بوونی هەیە ڕێگایەکیشە لەنێوان تاکەکان لەگەڵ کەسانی تردا بەکارهێنانی ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتییە هەندێ کات دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی هاوڕێیەتی . تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی فەیسبوک دەکرێ بۆ بەسەربردنی کاتی دەستبەتاڵی و وەرگرتنی زانیاری بەکاربهێنرێت بەڵام بەسەربردنی کاتێکی زۆر بەهۆی بینینی بڵاوکراوەکان بەشێوەیەکی فراوان دەبێتە هۆی لەدەستدانی کاتەکانی کار و پیشە.

پشتگوێخستنی ئەرکەکان بەهۆی سەرقاڵبوون بەفەیسبوکەوە بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەپەیوەندییەکان بەتایبەتی پێشوازیکردنی تۆڕی فەیسبوک لەلایەن گەنجەکانەوە کەبەشداری تیادەکەن هەندێجاریش دەبێتە هۆی دروست بوونی گرفتی تەندروستی هەندێ لەتاکەکانی بۆیە کە بەکارهێنەرانی فەیسبوک کاتێکی زۆر تەماشای شاشەی (کۆمپیتەر, موبایل, ئایپاد) دەکەن بەمەش توشی گرفتی چاو , پشت , مل , جومگەکان , ماسولکەکان دەبن. لەم ڕوانگەیەوە چەند گرفتێک یان چەند پرسیارێک دەخەینە ڕوو:

١- ئایا تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی ئاڵودەبوونی قوتابییان؟

٢- ئایا تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان وەک ئامرازێک بۆتە هۆی کات بەسەربردن لای قوتابیان؟

٣- ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی دوورەپەرێزی پەیوەندییەکان؟

### دووەم/ گرنگییەکانی توێژینەوەکە:

١- لایەنی تیۆری: گرنگی ئەم لایەنە خۆی دەبینێتەوە لە جەختکردن لەسەر شیکردنەوەیەکی تیۆری بۆ بوارەکان و لایەنەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەش بەسود وەرگرتن یان پشتبەستن بەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان یاخود گرنگیان بە لایەنێک لەلایەنەکانی ئەم بابەتە داوە لێرەدا گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە

که توێژینەوەیەکی زانستییە بە جەختکردنە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا.

٢- لایەنی مەیدانی: گرنگی ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی کە ئاراستەی تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە کراوە لەڕێگای شیکردنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ئەو زانیاریانەی بەدەستهاتوون ئەوەش تەواوکەری لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە زەمینەیەک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان, دواتر خستنەڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان لەگەڵ تیشک خستنەسەر پێشنیاز و ڕاسپاردەکان و کەڵەکەبوونی زانست و مەعریفە پەیوەست بە بابەتەکە بەئامانجی تێگەیشتنی دیاردەکە و بەدواداچوونی کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگاکە.

## سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١- تیشکخستنەسەر پەیوەندی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دوورەپەرێزی پەیوەندییەکان.

٢- زانینی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازێکی کات بەسەربردن لای قوتابیان.

٣- زانینی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەک ئامرازێکی ئالودەبوونی قوتابیان.

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە :

تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان: بریتییە لە تۆڕێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بۆ بەستنی پەیوەندی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر هەندێک جاریش بەهۆکارگەلێکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی خەڵکانی زیاتر دەکرێت بۆ بەستنی پەیوەندیەکان(Schaefer,٢٠٠٥.P.١١٠).

تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان: بریتییە لە سیستەمێکی زانیاری کەجیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەڕێگەی ناونیشانی جیاواز , بە پشتبەستن بەپڕۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت کەدەتوانێت پاڵپشتی پەیوەندیەکان بکات ئەمەش بەڕێگەی پڕۆتۆکۆڵی کۆنترۆڵکردنی ناردن یان هەر پرۆتۆکۆڵێکی ئینتەرنێتی هاوشێوە بەهۆی بەکارهێنانەوەی دەتوانێت بچێتە ناو ئەو تۆڕە جابەشێوەیسەکی تایبەت یاخود بەشێوەیەکی گشتی بێت (عید ,٢٠٠٣ , ص , ٢٣)

پێناسەی کارڕایی بۆ تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان: بریتییە لە تۆڕی ئینتەرنێت کەوا خەڵک بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەڕێگەی ئەپلکەیشنەکانەوە دەتوانێت زانیاری وێنە و نووسین ئالوگۆڕ بکەن .

٢- كارلێكی كۆمەڵایەتی:

كارلێكی كۆمەڵایەتی: هەر ڕووداوێكە كە كاردەكاتە سەر یەكێك لەلایەنەكانی پێی كاریگەر دەبێت بەشێوەیەكی ئاشكرا كاردەكاتە سەركردە دیارەكان یاخود حاڵەتی كردەیی لایەنەكەی دیكە لەوانەیە ئەو ڕەگەزانەی لەناو ئەم كارلێكەدان یان چەند تاكە كەسێكن یاخود گروپ گەلێكی ڕێكخراوی بونەوەری مرۆیین(ئەلحەسەن , ٢٠١٢ , لا ٣٩٩)

كارلێكی كۆمەڵایەتی: كارلێكی كۆمەڵایەتی پڕۆسەیەكە كەتێیدا لەگەڵ ئەو كەسانەی كەلەدەوروبەرماندان كار و كاردانەوەمان هەیە كارلێكی كۆمەڵایەتی هۆی گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكانن (ئەلحەسەن , ٢٠١٢, لا ٤٢٤).

پێناسەی كارڕایی بۆ كارلێكی كۆمەڵایەتی: بریتییە لە پەیوەندی نێوان دوو كەس یان زیاتر كەئەمەش سەرجەم ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە كەتاكەكان لەژیانی ڕۆژانەدا لەگەڕەک و شار و شوێنە گشتییەكان دروستیان دەكات بەشێک لەكاتی ڕۆژانەیان پێدەبەخشێت و بەردەوامیان پێدەدات.

## بەشی دووەم:  خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشووتر و تاوتوێکردنیان

### یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان

### دووەم: توێژینەوە عەرەبییەکان

### سێیەم: توێژینەوە بیانییەکان

## بەشی دووەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشووتر و تاوتوێکردنیان

### یەکەم / توێژینەوە کوردستانییەکان:

١- توێژینەوەی عبدالرحمن , کارزان حسن , ( ٢٠٠٨ ) ڕۆڵی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی لەدرووستکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان . لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر

ئەم توێژینەوەیە لەشاری هەولێر ئەنجامدراوە ئامانجەکانی : زانینی کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی ئینتەرنێت و موبایل لەناو کۆمەڵگە , دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی خراپ بەکارهێنانی موبایل و ئینتەرنێت لەلایەن بەکارهێنەرانەوە دیاری کردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەهۆی بەکارهێنانی موبایل و ئینتەرنێت ڕوویانداوە دیاری کردنی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی کەلە ئەنجامی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و موبایل درووست بوون لەشاری هەولێر تیۆرەکانی توێژینەوەکەی بریتییەلە میتۆدی مێژوویی بەراوردکاری و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونە . قەبارەی نمونەکەی لە ( ٣٠٠ ) یەکە پێکهاتووە جۆری نمونەکەی بەڕێگای هەڕەمەکی چینایەتی هەڵبژاردوون ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییەلە پرسیارنامە . ئامرازەکان ئاماری بریتی بوون لە ناوەندی ژمێری لادانی پێوەری تاقیکردنەوەی کای سکویر و یاسای سپێرمان .

ئەنجامەکانی: سودەکانی ئینتەرنێت بریتین لە بەخشینی زانست و زانیاری جۆراوجۆر بەڕێژەی (٢٧,٢٩٪) پێشخستنی پڕۆسەی خوێندن و توێژینەوەی زانست بەڕێژەی (٢١,٧٣٪ ) ئاسانکردنی کاروباری بازرگانی و ئابوری بەڕێژەی (١٤,٤٦٪ ) ئاشنابوون بەدابونەریت و شارستانی میللەتانی دیکە بەڕێژەی (١٣,٧٥٪ ) دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان بەڕێژەی

 (١٢,٩٤٪ ) تێرکردنی پێداویستیەکانی دروستکردنی پەیوەندی کەسایەتی بەکارهێنەر بەڕێژەی (٩,٤٠٪ ) زیانەکانی ئینتەرنێت بریتین لە لەبڵاوکردنەوەی بەدرەوشتی سێکسی و زیان گەیاندن بە ئاکاری بەکارهێنەر بەڕێژەی (٢٠,٣١٪ ) دروستکردنی پەیوەندی ناشەرعی لەنێوان کوڕ و کچان بەڕێژەی (١٦٪ ) زیان گەیاندن بەتەندرووستی بەکارهێنەر بەتایبەتی لەسەر چاو , مێشک , ماسولکەکان و بیستن بەڕێژەی (١٥,٤٧٪ ) بەفیرۆدانی کات بەڕێژەی (١٣,٩٨٪ ) ئەنجامدانی تاوانەکانی وەکو بازرگانیکردن بەمادده بێهۆشکەرەکان و ساختەکردنی زانیارییەکان قومار , سیخوری , کاری تیرۆرستی , دزینی پارە و سامان , ناوزڕاندنی کەسایەتییەکان بەڕێژەی.

(١٢,٠٤٪ ) لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان هاوسەران و تاکەکانی ناو خێزان بەڕێژەی (١١,٢٥٪ ) ئاڵودەبوون بەماڵپەڕە زیانبەخشەکان و دروستکردنی کاریگەری خراپ لەسەر جەستە و دەروونی بەڕێژەی (١٠,٩٠٪ )

بەکاردەهێنن بەرێژەی (٢٣,٥٪ ) یش زیاتر لە ( ٣ ) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن

( زۆربەی قوتابیان بەرێژەی (٧٥٪ ) لە ( ١-٣ ) ساڵە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن ) .

( بەرێژەی (٧٧٪ ) زۆربەی یەکەکان ئینتەرنێت بۆ پەیوەندیکردن بە هاورێکانیان بەکاردەهێنن )

( زۆربەی یەکەکان بەرێژەی (٧٨,٨٪ ) بەکارهێنانای ئینتەرنێت دەبێتە هۆی لاوازی پەیوەندی لەناو خێزاندا ) بەرێژەی (٨٢٪ ) بەکارهێنانی ئینتەرنێت هۆکارێکە بۆ زیادبوونی گرفتی جۆراوجۆری خێزانی ) ( بەرێژەی (٨١٪ ) بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ) ( زۆربەی یەکەکان بەرێژەی (٥٩,٥٪ ) بەکارهێنانی ئینتەرنێت تاڕادەیەک ئامرازێکە ( هۆیەکە ) بۆ دەربڕین بەئازادی و سەربەستی خودی ) ( زۆربەی یەکەکان بەهۆی بەکارهێنانی ئینتەرنێت هەست بەو دوورەپەرێزی لەبریارەکانی خێزانی دەکەن بەرێژەی (٥٨,٥٪ )

( ئینتەرنێت هۆکارە بۆ گۆڕینی ڕواڵەتی ڕەفتار و لاسایی کردنەوەی ناودارەکان بەرێژەی (٨٤٪ )

( زۆربەی یەکەکان بەرێژەی ( ٩٦٪ ) ئینتەرنێت بەکاردەهێنن بۆ زانینی بابەتی جۆراوجۆر و زانیاری و هەواڵی هەمەجۆر ) ( ئینتەرنێت ئامرازێکە بۆ خۆشگوزەرانی چێژوەرگرتن بەرێژەی

(٨١,٥٪ ) ( زۆربەی یەکەکان بەرێژەی (٧٥٪ ) ئینتەرنێت یارمەتیدەرە بۆ فێربوون و دۆزینەوەی توێژینوەی زانستی ) ( ئینتەرنێت سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ زانینی ڕووداوەکان لەناوچە جیاوازەکان بەرێژەی (٩٣,٥٪ ).

## ٢- توێژینەوەی محمد , دانا فاضل . ( ٢٠١٤ ) الاثار الاجتماعية و الثقافية لاستخدام الانترنيت على الشاب دراسة ميدانية على عينة من الشباب في جامعة السليمانية

توێژینەوەی محمد , بەناونیشانی : ئاسەواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەبەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەر گەنجان , توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر نمونەیەک لەگەنجان لەزانکۆی سلێمانی کەپلەی ماستەری بەدەستهێناوە لەزانکۆی بەیروت لە لبنان , ساڵی ( ٢٠١٤ ) ئامانجەکانی دیاریکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی گەنجاندا هاتووە بەهۆی بەکارهێنانی ئینتەرنێت ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەجیهانی خێزان و پەیوەندی نێوان نەوەکان . زانینی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییە نوێیەکان وەک شوێنگرەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆکان زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر لایەنە جیاوازەکانی گەنجانی زانکۆدا هاتووە . میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییەلە میتۆدی وەسفی بەرێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە قەبارەی نمونەکەی بریتیەلە ( ٢٥٥ ) یەکە لەقوتابیانی زانکۆ پێکهاتووە بەرێگای نمونەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژاردون لەئامرازەکانی

کۆکردنەوەی زانیاری پشتی بەستووە بە پرسیارنامە و چاوپێکەوتن ئامرازەکانی ئاماری بریتیەلە ڕێژەی سەدی کاری سکوێر هاوکێشەی پەیوەستی بە ئەنجامەکانی

( زۆربەی قوتابیان بەڕێژەی (٣٤٪ ) لەڕۆژێکدا یەک کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن ) بەڕێژەی

(٢٢,٥٪ ) یش زیاتر لە ( ٣ ) کاتژمێر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن ) ( زۆربەی قوتابیان بەڕێژەی

(٧٥٪ ) لە (١٪- ٣ ) ساڵە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن ) ( بەڕێژەی (٧٧٪ ) زۆربەی یەکەکان ئینتەرنێت بۆ پەیوەندیکردن بەهاوڕێکانیان بەکاری دەهێنن ) ( زۆربەی یەکەکان بەڕێژەی

(٧٨,٨٪ ) بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی لاوازی پەیوەندی لەناو خێزاندا ) ( بەڕێژەی

(٨٢٪ ) بەکارهێنانی ئینتەرنێت هۆکارێکە بۆ زیادبوونی گرفتی جۆراوجۆری خێزانی ) ( بەڕێژەی

(٨١٪ ) بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی زیادبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ) ( زۆربەی یەکەکان بەڕێژەی (٥٩,٥٪ ) بەکارهێنانی ئینتەرنێت تاڕادەیەک ئامرازێکە

( هۆیەکە ) بۆ دەربڕین بە ئازادی و سەربەستی )

**دووەم / توێژینەوە عەرەبییەکان**

١- توێژینەوەی ئومار , مريم نريمان ( ٢٠١٢ ) استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية وتأثير في العلاقات الاجتماعية دراسة عينة من مستخدمي موقع الفايسبوك في الجزائر.

توێژینەوەی ئومار , بەناونیشانی بەکارهێنانی پێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان – لێکۆڵینەوەیەک لەسەر نمونەیەک لە بەکارهێنانی پێگەی فەیسبوک لەجەزائر . توێژینەوەکەی لەولایەتەکانی ( باتنة , مستغانم الجزائر , ورقلة ) ئەنجامدراوە ئامانجەکانی زانینی ڕۆڵی تەکنەلۆجیای نوێ لە ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لەسەر ژیانی تاکەکاندا زانینی ئەو خزمەتگوزارییانەی لەپێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە زانینی کاریگەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە زانینی ئەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەرن لە بڵاوکردنەوەی پەیوەندی گریمانەی (الافتراضية )  لەسەر حسابی پەیوەندییە ڕاستەقینە یان میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییەلە میتۆدی وەسفی لەم میتۆدەش شێوازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە . قەبارەی نمونەکە لە ( ٢٦٥ ) یەکە پێکهاتووە , بەرێگەی نمونەی مەبەستدار هەڵبژاردوون . ئامرازەکانی کۆکردنەوەی

زانیاری بریتییه له پرسیارنامه و تێبینی ئامرازەکانی ئاماری بریتیبوون له دووبارەبوونەوەی ڕێژەی سەدی , کای سکوێر

ئەنجامەکانی : ( زۆربەی یەکەکان بەڕێژەی (٪٥٢,٠٧ ) له ( ٣ – ١ ) ساڵه فەیسبوک بەکاردەهێنن بەڕێژەی (٪٢٤,٩٠ ) زیاتر له ( ٣ ) ساڵه و ڕێژەی (٪٢٣,٠١ ) کەمتر له ( ١ ) ساڵه فەیسبوک بەکاردەهێنن ) ( زۆربەیان بەڕێژەی (٪٢٧,١٦ ) زیاتر له ( ٣ ) کاتژمێر ڕۆژانه فەیسبوک بەکاردەهێنن ڕێژەی (٪٢٦,٠٣ ) له ( ١ – ٢ ) کاتژمێر و ڕێژەی (٪٢٣,١١ ) له ( ٣ -٢ ) کاتژمێر و ڕێژەی (٪٢٣,٠١ ) کەمتر لەیەک کاتژمێر ڕۆژانه فەیسبوک بەکاردەهێنن ) ( زۆربەیان بەڕێژەی (٪٣٨,٩١ ) فەیسبوک هۆکارێکه بۆ پەیوەندیکردن و کارلێکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەڕێژەی (٪٢٦,٣٥ ) فەیسبوک هۆکارێکه بۆ گوزارشتکردن بەئازادی ڕادەربڕین فەیسبوک ئامرازێکه بۆ تێرکردنی حەزوئارەزوو دەستکەوتنی زانیاری بەڕێژەی (٪٢٦,٣٥ ) ڕێژەی (٪٨,٣٧ ) فەیسبوک بۆ دوورکەوتنەوە له واقع بەکاردەهێنن ) ( زۆربەی تاکەکان پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیان دەبەستن لەڕێگەی فەیسبوک بەڕێژەی (٪٧٣,٨٦ ) دانانی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بەڕێژەی (٪١٥,٩٠) بەڕێژەی (٪١٠,٢٢) فەیسبوک بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان) (بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانی نێو فەیسبوک زۆرترینیان , بەڕێژەی (٪٢٥,١٨ ) نووسینی کۆمێنت , ڕێژەی (٪٢٢,١٧ ) گفتوگۆ ( نامەناردن ) ڕێژەی (٪١٥,٣٨ ) بەشداری له وێنەکان دەکەن, ڕێژەی (٪١٥,٢٣ ) بەشداری لەخزمەتگوزاری (الروابط ) دەکەن بەڕێژەی (٪١٢,٢١ ) بەشداری لەڤیدیۆ دەکەن , بەڕێژەی (٪٥,٨٨ ) یاریکردن هەروەها بەڕێژەی (٪٣,٩٢ ) خزمەتگوزاری (التطبقات) بەکاردەهێنن ( زۆربەیان بەڕێژەی (٪٤٨,٣٠ ) ئەگەر فەیسبوک بەکاردەهێنن هەست بەبێزاری و دووری فەیسبوک ناکەن ) ( زۆرترین ڕێژە (٪٣٦,٦٠ ) ڕازی نین بەو کاتانەی بۆ خێزانەکانیان تەرخانکراوە کەمتربێت له کاتەکانی بەکارهێنانی فەیسبوک )

٢- توێژینەوەی الشهیری , حنان بنت شعشوع . ( ٢٠١٣ ) أثر استخدام شبكات التواصل الالكترونية علي العلاقات الاجتماعية الفيس بوك وتويتر نموذجا

توێژینەوەی ئەلشهیری , بەناونیشانی کاریگەری بەکارهێنانی تۆڕەکانی پەیوەندی ئەلکترۆنی لەسەر پەیوەندییه کۆمەڵایەتییەکان فەیسبوک و تویتەر بەنمونه . ئەم توێژینەوەیە لەزانکۆی(الملك عبدالعزيز) له سعودیه ئەنجامدراوە . ئامانجەکانی زانینی هۆکارەکانی بەشداریکردن له ڕێگەی فەیسبوک و تویتەر , زانینی سروشتی پەیوەندییه کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگای ئەو پێگانەدا , دەرخستنی کاریگەریە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی تۆڕی ئەلکترۆنی لەسەر پەیوەندییه کۆمەڵایەتیەکان . میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییەله میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی له ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پشتی به پرسیارنامە بەستووە قەبارەی نمونەکەی له ( ١٥٠ ) یەکه پێکهاتووە جۆری نمونەکەی بەڕێگەی نموونەی مەبەستدار هەڵبژاردوون ئامرازەکانی ئاماری بریتییەله دووبارەبوونەوە ڕێژەی سەدی هاوکێشەی پەیوەستی

پێرسون( ئەنجامەکانی زۆربەیان بەڕێژەی (٣٤,٧٪ ) کەمتر لە ( ٢ ) کاتژمێر فەیسبوک بەکاردەهێنن ) ( زۆربەیان بەڕێژەی (٧٦٪ ) بەکارهێنانی فەیسبوک ڕێگایەکی ئاسانە بۆ گوزارشتکردن لەبیر و بۆچوون و ئاراستەی فکری کە ناتوانن لەناو کۆمەڵەکەدا بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکەن ) ( زۆربەی یەکەکان بەڕێژەی (٢٢٪) فەیسبوک ڕێگایەکە بۆ گەڕان بە دوای هاوڕێیەتی نوێ ) ( زۆربەیان بەڕێژەی (٧٣,٣٪ ) فەیسبوک ڕێگایەکیشە بۆ بەهێزکردنی هاوڕێیەتی کۆن ) ( زۆربەی یەکەکانی بەڕێژەی (٧٠٪ ) لەڕێگای فەیسبوک پەیوەندی لەگەڵ ئەو خزمانە دەکەن کە لە وڵاتێکی دوورن ) ( زۆربەیان بەڕێژەی (٦٠٪ ) لەنێو فەیسبوک هاوڕێیەتیان لەگەڵ کەسانی ناوچەجیاوازەکان هەیە ) ( زۆربەیان بەڕێژەی (٧٥٪ ) فەیسبوک ئامرازێکە بۆ ناسینی داب و نەریت و کلتوری گەلانی دیکە ) ( بەڕێژەی (٨٤,٦٪ ) فەیسبوک هۆیەکی ئاسانە بۆ پەیوەندی کردنی ڕووبەڕوو کە نەبەستراوەتەوە بەکات و شوێن ) ( زۆربەیان بەڕێژەی (٥٢٪ ) قوتابیان پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی زانکۆ دەکەن سەبارەت بەوانەکان ) ( زۆربەی بەکارهێنەران بەڕێژەی (٧١٪) لەلایەن خێزانەکانیانەوە ناڕەزایی و گلەییان لێ نەکراوە ) ( زۆرترین ڕێژە (٦٢٪ ) فەیسبوک کاریگەری نەبووە لەسەر کەمبوونەوەی کارلێکی خێزانی بەڵام بەڕێژەی (٣٨٪ ) کارلێکی خێزانیان کەم بۆتەوە ) ( بەڕێژەی (٧١٪ ) فەیسبوک کاریگەری نەبووە لەسەر دواکەوتنی ئەرکەکان و سەردانی خزمان ) ( بەڕێژەی (٨٣٪ ) بەکارهێنانی فەیسبوک نەبۆتە هۆی پاشەکشێ لەئەرکەکانی زانکۆ )

## سێیەم / توێژینەوە بیانییەکان:

١- توێژینەوەی .Rouiset al

Rouis , Limayem M, and Salehi – Sangari, E. ( ٢٠١١ ) Impact of Facebook usage on students academic achievement.

ناونیشانی توێژینەوەکەیان: کاریگەری بەکارهێنانی فەیسبوک لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان . توێژینەوەکە لەزانکۆی لولەی لەسوید ئەنجامدراوە . ئامانجی توێژینەوەکە بریتییەلە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی فەیسبوک لەلایەن قوتابیانی زانکۆ و هەستکردن بە ڕێکخستنی خود میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییەلە میتۆدی ئەزمونی , قەبارەی نمونەکەی لە ( ٢٣٩ ) یەکە پێکهاتووە لەقوتابیانی لولەی بەڕێگای نمونەی هەڕەمەکی ڕێکخراو هەڵبژاردوون لە ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان پشتی بەستووە بە پرسیارنامە لەئامرازی ئاماری بریتی بوون لە هاوکێشەی جیاوازی ( T.Test ) ئەنجامەکانی : زۆربەی یەکەکان لەبەکارهێنەرانی فەیسبوک درک بەخودی خۆیان دەکەن لەگەڵ تایبەتمەندی کەسایەتی متمانە لەنێوان خەڵکی کاریگەری نییە لەسەر ئامادەیی و کارلێکیان لەنێو فەیسبوک , تایبەتمەندی کەسی و کۆنترۆڵی خودی هۆکارە بۆ بەشداری کردن لەسەر فەیسبوک بڕیاردان لەسەر ئەوەی چەندکات بەسەر

دەبات لەسەر فەیسبوک ئەو کەسانەی کەتواناو شارەزایی زۆر و جیاوازیان هەیە کاریگەری نەرێنی فەیسبوک لەئاستی ڕەزامەندی قوتابیانی لەژیانی خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبۆتەوە .

٢- توێژینەوەی Farrugia

Farrugia , Riannec . ( ٢٠١٣ ) Facebook and Relationshilosz Astudy of how social media use is affecting long – term relation shilo.

توێژینەوەکەی فەریوگە, بەناونیشانی : فەیسبوک و پەیوەندییەکان : توێژینەوەیەکی چۆنیەتی کاریگەری بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی لەسەر پەیوەندییە درێژماوەکان ئامانجی توێژینەوەکەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییە , ئامرازە ئامارییەکانیشی بریتییەلە ڕێژەی سەدی و هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان و هاوکێشەی جیاوازی ئەنۆڤەلە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پرسیارنامەی بەکارهێناوە , لەپاڵ ئەمەدا بەبڵاوکردنەوەی لینکی پرسیارنامەکەی لەڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قەبارەی نمونەکەی پێکهاتووەلە ( ٢٥٥ ) یەکە بەڕێگای نمونەی تۆپەڵە بەفر ( Snowball ) هەڵبژاردوون

ئەنجامەکانی: توێژینەوەکەی دەرکەوتووە کە فەیسبوک ڕێگایەکە بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکان بەتایبەتی پەیوەندی نێوان دوو هاوڕێ , هەروەها فەیسبوک ڕێگایەکی دابینکەرە بۆ تاکەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی ڕووبەری ناڕاستەوخۆ فەیسبوک بەشێکە لە ئامرازەکانی سەردەم بۆ پەیوەندی کردنی نێوان خەڵکی زۆربوونی بەکارهێنانی فەیسبوک دەرفەتێکە بۆ بەغیلی ( Jealousy ) لەناو پەیوەندییەکان , بەکارهێنانی فەیسبوک دەریدەخات کەکۆمەڵگە گۆڕاوە بەهۆی تەکنەلۆجیای نوێ بۆ چاودێری کردنی پەیوەندییەکان .

## بەشی سێیەم:

## کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان قوتابیان

### باسی یەکەم:- سەرهەڵدان و دروست بوونی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

### باسی دووەم :- تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

### باسی سێیەم:- لایەنە ئەرێینی و نەرێنیەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

### باسی چوارەم:- ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی

### باسی پێنجەم:- تۆرە کۆمەڵاتییەکان و پەیوەندی بە کارلێکی کۆمەڵایەتی

## بەشی سێیەم:

## کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان قوتابیان:-

### باسی یەکەم:- مێژووی سەرهەڵدان و دروست بوونی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەم و دروست بوونی دوو جەمسەری لە دونیا یەکێکیان بە سەرۆکایەتی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شورەوی جاران کە هەریەکەیان کۆمەڵە وڵاتێکی لە خۆی کۆکردبووەو بوو بە سەرەتای دەست پێکردنی جەنگی سارد لە نێوان ئەم دوو رەوتە چەندین جار زۆری نەمابوو جەنگێکی جیهانی ئەتۆمی بەرپا بێت بۆ نموونە کێشەی رۆکێتەکانی کوبا ( دورگەی بەرازەکان) کاتێک شوورەی ژمارەیەک رۆکێتی سەرهەڵگری ئەتۆمی هێنایە ئەو ناوچەیەی و ترسێکی زۆری خستە نێو دڵی ئەمریکی یەکان بۆیە کەتنە خۆ ئامادەکردن بۆ کارەساتێک کە رووبدات و سەروەری ئەمریکا بە چاو تروکانێک لەناو بچێت بۆیە وای لە سیاسەتمەداران کرد کە رێگە چارەیەک بدۆزنەوە وەک زانراویشە پێشتر شوورەویەکان لە ساڵی ١٩٥٧ وێستگەیەکی مانگی دەستکردیان بەکارخست و توانیان بۆ یەکەم جار بۆ کاری سەربازی و هەواڵگەری زۆر نهێنی بەکاری بهێنن لەم کاتە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵسان بە کردنەوەی دەزگایەکی بەرزی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە کە ژمارەیەکی زۆری زانا ناودارەکانی ئەمەریکای لە باوەش گرت سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکایە کە تایبەت بێت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و سەردەم لە بواری سەربازی و بەرگریدا . (رواندزی، ٢٠١٨, لا ٧ ).

هێمای (ARA) (advance research agency) بۆ دانرا لە سەرەتا بازنەیەکی زۆر تەسکی داخراو بۆ لێکۆڵینەوە دروست کرا لە نێوان زانایانی پسپۆڕ لە بواری راگەیاندن و سیاسەتمەندارەکان کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەئەکرد ... بۆ دانانی پلانێکی گونجاو بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەموو هەوڵێکی دوژمنەکان ... هەوڵەکانی ئەم دەزگایە لەوەدابوو کە کاتێک ئەمریکا دووچاری لێدانی بۆمبێکی ئەتۆمی ببێتەوە تۆڕی گەیاندنی لەناودەچێت کاربە دەستان بتوانن کۆنترۆڵی وڵات بکەن بۆیە داواکراو لە (پۆل باران) کە ئەندامێکی کارای پەیمانگای پێشخستن و لێکۆڵینەوەی سەر بە پەیمانگای توێژینەوە و پێشخستن سەر بە دەزگای دژە ئاسمانی ئەمریکی کە بە (RAND) ناو ئەبرێت ئەوەش لە سەرەتایی ساڵی ١٩٦٢ بوو لە کۆتایی هەمان ساڵدا توانی بیرۆکەی ئەوە دابنێت کە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ئەمریکا دووچاری هەر جۆرێک لەم کارەساتانە بوو ئەوا بەهۆی پێکەوە بەستانی دەزگا گەیاندنەکان بتوانرێت ئاگاداری یەکتر بکەنەوە لە بچوکترین خاڵەوە بۆ بەرزترین شوێنی بڕیاردان زانا (باران) وای دانا کە لێدرانەکە وێرانکاری بێت و بنکەی سەرەکی گەیاندنی ناوەندی خاپوور بووە و هیچی بەسەر یەکەوە نەماوە سەرەتایی بیرۆکەیی ئەنتەرنێتی دانا بەوەی کە ناوەکان چ نووسراو بێت یاخود بە کۆد

له کۆمپیوتەرێک بۆ یەکێکی تر بگوازێتەوە بەهۆی کێبڵی پێکەوە بەستراو بەوەش سەرکەوتنێکی زۆر چاکی بەدەست هێنا ئەم جارە لە لایەن وەزارەتەوە داوا لە کۆمپانیایەکی شارەزای ئەمریکی کرا بۆ ئەوەی ژمارەیەک کۆمپیوتەر بەرهەم بهێنێت کە بتوانرێت وەک تۆڕ پێکەوە ببەسترێت بۆ ئەوەی بیرۆکەی زانا (باران) جێبەجێ بکرێت . لە سەرەتایی کۆمپیوتەرەکانی وەزارەتی بەرگری پێکەوە بەستران و تۆڕێکی بچوکیان پێک هێناو ناویان لێ نا (ARPANET) کە تەنها لایەنە سەربازی و ئاسایشی و نهێنیەکانی وەزارەتی دەگرتەوە ڕێ پێدراوەکانی بۆ کارمەندانی ئەم وەزارەتە بوو سوود لەم تۆڕە وەربگرن بۆ ئەوەی ۆڕۆژەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان بکەن و ژمارەیەکی زۆر لە زانا و توێژەرەوەکان تێیدا بەژدار بکەن بۆیە پەیمانگای توێژینەوە و پێشخستن سەر بە دەزگای دژە ئاسمانی ئەمریکی (RAND) لە مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٦٩) تۆڕەکەی خۆیان کە تەنها لایەنی شارستانی و بواری سەربازی بە خۆیەوە نەگرتبوو بەستەوە لەگەڵ چوار زانکۆ و مەڵبەندی ناسراو بۆ کاری توێژینەوەی زانستی وەک (زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لۆس ئەنجلۆس (UCLA) و پەیمانگای ستانفۆڕد بۆ لێکۆڵینەوەکان (SRI) و زانکۆی کالیفۆڕنیا لە سانتا باربارا (UCSB) و زانکۆی یوتا (UTAHA) بەوەش توانرا ئاڵوگۆریەکی زۆر لە بواری زانیاری و زانست بکرێت کە تەنها ئامانجیان گەیشتنە بەو کەشورەویەکان نەتوانن زەبرێکی کوشندە لە ئەمریکیەکان بدەن ئەوەش بە سەرەتاترین هەوڵ دائەنرێت بۆ دروست کردن و سەر هەڵدانی تۆڕی ئینتەرنێت ... (ئەو تۆڕی کە تەنها زانیاری سەربازی زۆر نهێنی تێدابوو کە بە (MILNET) ئەناسرا) دوای سەرکەوتنی هەوڵەکانی زاناکان لە (APRA) پەیمانێکمان مۆرکرد بە ناوی (NCP) بۆ ئەو دەزگا و کەسانەی ئەیانەوێت. بچنە نێو تۆڕەکەو بەکارهێنەرانیشی بە (HOSTS) ناوزەنگ کرد. (رواندزی، ٢٠١٨, لا ٧ ).

لە ساڵی ١٩٧٣ لە لایەن دوو زانا یەکێکیان بە ناوی (بۆب کان) کە سەر بە (APRA) بوو و لەگەڵ (فینتۆن سیرف) کە سەر بە زانکۆی ستانفۆرد ئەم پەیماننامەیان ژمارەیەک خاڵیان خستەسەرو بە پرۆ تۆکۆلەکانیان بانگهێشت بۆ کرد بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک بتوانن سوود لەم زانیاریانە وەربگرن دوای یەکجارەکی تەواوبوونی بیرۆکەکە بە تۆری ئەنتەرنێت ناوی دەرچوو. لە ساڵی ١٩٧٦ بەهۆی دەست بەکاربوون و بڵاوبوونەوەی مانگی دەستکرد و بۆ ئەوەی کیشوەرەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە ئەوە لە لایەک لە لایەکی ترەوە واک زانراوە کە (پەیمانی ناتۆ) پێک هاتووە لە ژمارەیەک دەوڵەتی ئەورووپی ئەمریکاوە بۆ ئەوەی بتوانن لە بواری زانیاری سوود بەیەکتر بگەیەنن تۆری ئەنتەرنێتی ئەمریکا لەگەڵ تۆری ئەنتەرنێتی ئەورووپیەکان بە یارمەتی مانگی دەستکردی ئەورووپی (SATNET) پێکەوە بەستراو تۆرەکە زۆر فراوان بوو لە لایەن زانا (ستیف بیلوڤین) دەرچووی زانکۆی (نۆرث کارۆلانیا) کە پرۆگرامێک دابهێنیت بۆ پێکەوە بەسترانی تۆرەکان و بەکارهێنانی تۆرەکە بۆ بواری گواستنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان و ناوی لێنرا (USENET) لە لایەن کۆمپانیای (IBM) ژمارەیەک چاکسازی لەسەر ئەم پرۆگرامە کراو ناوەکشی گۆردرا بۆ (BITNET) کە زیاتر لایەنی ڕاپۆرتە هەواڵ و دەنگوباسی

جیهانی بەخۆوە گرتووە لە ساڵی ١٩٨١ ژمارەی ئەو کۆمپیوتەرانەی بەشداری تۆری ئەنتەرنێت بوو بوون نە ئەگەیشتە (٢٠٠) بەکارهێنەر بەڵام دوای ئەو هەموو سەرکەوتنانەی کە بەدی هاتن بۆ ساڵی ١٩٨٦ ژمارەی بەکارهێنەرەکان گەیشتە (٥٠٨٩) هەرچەندە ژمارەیەکی کێشە بەرەورووی ئەم تۆرە هاتنەوە وەک گرانی کرینی هێڵەکە ئەمە لە لایەک وە لە لایەکی ترەوە ئاڵۆزی و گرانی کارکردن لەسەری بۆیە هەوڵ ئەدرا کە ئەم دوو کێشەیە چارەسەر بکرێت لە ساڵی ١٩٩١ ەوە لە لایەن پسپۆرانی زانکۆی (مسینو سوتا) ژمارەیەک ئەڵقەی زیاد لادران و ئاسانکاری زۆری تێدا کراو بۆ یەکەمین جار (GOPHER) کە تایبەتە بۆ گەیشتن بە زانیاریەکان بە شێوەی لیستی ئامادەکراو داهێنرا لە ساڵی ١٩٩٢ وە لە لایەن دەزگای (SERN) کە دەزگایەکی ئەوروپییە بۆ توێژینەوەکانی ئەتۆمی بیرۆکە (WWW) تۆر جاڵجاڵۆکەی جیهانی راگەیاندرا کە جیهانی کردە گوندێکی زۆر بچووک لە ساڵی ١٩٩٤ ژمارەی بەشداربووانی گەیشتە ٢٥ ملیۆن بەکارهێنەرەو بۆ ساڵی ١٩٩٩ ژمارەیان گەیشتە (٧٥) ملیۆن بەکارهێنەر. (رواندزی، ٢٠١٨, لا ٧ )

**بەشی سێیەم:**

**باسی دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان**

ئەو ڕێگا تازەیەیە کە بەکارهێنەرانی بە هۆیەوە دەتوانن پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تر دروست بکەن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو ئەو پێگە ئینتەرنێتیانە دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە هەموو پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان ئەنجام دەدرێت تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکارییەکی درێژ کراوەی لە چەندێتی و چۆنیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ئەنجامدا هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان باشترین ڕێگا چارەی ویستی بەکارهێنەرە کە دەتوانێت هەر بابەتێک کە تاک یان کۆمەڵگا بیانەوێت بۆیان دابین بکات هەروەها زۆری و جیاوازی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە وای کردووە هێندەی تر بەکارهێنەرانیان ئاڵودەی بەکارهێنانی بن کە تەواو کۆمەڵگاکانی لە یەکتری نزیک کردۆتەوە بە خێراییەکی زۆر و نەهێشتن یان کەمکردنەوەی هەموو سنووورە جیهانیەکان یان کە دەوترێت بریتیین لە هێڵی گەرم و خێرا و ڕاستەوخۆ بۆ ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان. نوسەری بەناوبانگ جێرمی هارس لە کتێبی social media communication دا بەم جۆرە باس لە سۆشیال میدیا دەکات دەڵێت سۆشیال میدیا بریتییە لە پرۆسەیەکی تەکنیکی کارلێککراو (interactive) لەگەڵ خزمەتگوزاری ئینتەرنێت کە دەتوانێت ببێت بە ژێرخانی (infrastructure) پەیوەندی کردنی جەماوەری و دەتوانێت پێچەوانەی ڕێسایی گشتی (para doxical) کاربکات سایتی ئەنقیڵ میدیا بەم جۆرە بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو دەربارەی تۆڕی کۆمەڵایەتی Anivil media دەڵێت: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چەتر ئاسا بونیاد نراوە تاوەکوو بڕێکی زۆری زانیاری تیایدا بڵاوبکرێتەوە و ئاڵوگۆری زانیاریەکانی تێدا بکرێت تێڕوانینێکی تر دەڵێت: نوسینە ئەلیکترۆنیەکان ئەو بابەتانەن کە لەسەر ئەنتەرنێت بڵاودەکرێتەوە وەک ڕۆژنامەیەکی چاپکراو وایە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر مۆبایلی زیرەک کە تابلۆ و دەنگ و وێنەی جوڵاو دەگرێتەوە. (شێخانی ، ٢٠٢٠ , لا ٣٥).

جان بۆرگ و توماس پۆیل نوسەرانی کتێبی (the sage handbook of social media) پێیان وایە کە سۆشیاڵ میدیا یان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بریتییە لە پڕ بەکارهێنەرترین ڕێگا بۆ ناساندنی ڕاو بۆچوون و کۆمنیکەیشن لە ڕێگەی پەخشی ئینتەرنێتەوە توێژەر پێی وایە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەموو ئەو بۆشاییە ئەلیکترۆنیانە دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆئاڵوگۆری زانیاری و داتا کە توانیویەتی سنووری خێراییەکان و ژمارەی بەژداربوان لە کاتێکی زۆر کەم ببەزێنێت و ببن بە پێگە و سەرچاوەی چەندین زانیاری جۆراوجۆر لەسەر ئاستی جیهاندا هەروەها بۆ هەموو بابەتە زانستییەکان وەک (میدیا ، تەندروستی ، سیاسی ، ئابوری ، سەربازی ، کۆمەڵایەتی ، وەرزشی ، منداڵان ، ژنان ، پرسە نەتەوایەتیەکان ، بابەتە ئاینیەکان ، زانستی ، تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر ، سیستمی بانک) چەندین بواری تر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان پاشان

ئاڕاستەکردنی پەیام بە دیاری کراوی بۆ هەر بابەتێک گروپ و دەستەیەکی جیاواز و پەیامی جیاواز و کات و شوێنی جیاواز بەکاردەهێنرێت. (شێخانی ، ٢٠٢٠ , لا ٣٥)

## بەشی سێیەم:

## باسی سێیەم:- لایەنە ئەرێینی و نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

### -لایەنە ئەرێنیەکانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان :-

١- کۆکردنەوەی سەرجەم ئامرازەکانی گەیاندنی زانیاری کە مرۆڤ پێویستی پێیان هەیە بە بەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژی سەردەم لە گشت بوارەکان بەمەش بۆتە هۆی داهێنانی نوێ و رۆژدوای رۆژ شارەزابوون لەو ئامێرانە وا لە مرۆڤ ئەکات زیاتر پشت ئەستوور ببێت بە زانیاری نوێ و ووردبوونەوە لە شتە زلەکان. (رواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٩).

٢- زانینی زانیاریەکی بی ژمارەی کە ئەمەش لە رادەی هیچ پەرتووکخانەیەک دانییە کە ئەم هەموو داتایانە بەخۆیەوە بگرێت و بشتوانێت سنوورەکان ببەزینێت. (رواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٩).

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری جەماوەر بە گشتی و بەکارهێنەرانی تۆری ئەنتەرنێت چونکە بەکارهێنەر شارەزای رووداوە گەرم و تازەکانی جیهان ئەبێت و دەتوانێت ببێتە خاوەن هەلوێست و بریاربدات. (رواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٩).

٤-نەمانی سنوورە دروستکراوەکان چ لە رووی سیاسیەوە بێت یاخود لە رووی کۆمەڵایەتی و شارستانیەتەوە بێت بە تێکەڵبوونی جوێبارەکان و پێک هێنانی زەریایەکی گەورەی پر زانیاری ئەواش تەنها بۆ خزمەتکردنی شارستانیەت و مرۆڤایەتی بووە بۆتە هۆیەکی سەرەکی بۆ زیاتر تێکەڵ بوونی شارستانیەکان. (رواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٩).

٥- ئامادەکردنی پێکەوە ئاخافتنی راستەوخۆ و پێکگەیشتنی بێ بوونی لایەنی سێیەم کە ئەمەخۆی لە خۆی دا کەمکردنەوەی کات و بەفیرۆنەچوونی تواناکان زیاتریش لە یەک گەیشتن و حالێ بوونی گرفتەکانی یەکتربوون. (رواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٩).

٦- بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن گشت توێژ و چینەکانی کۆمەڵ و بەمەش کارمەندان زیاتر شارەزای بوارەکە خۆیان ئەبن ئەتوانن ڕۆژانەی بەشداربن لەو کۆر سیمینارانەی لە بوارەکانیان دەگیرێت. (رواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٩).

٧- بەپێی ئەو ئامارانەی کە بڵاوکراونەتەوە دەربارەی ئەو چین و توێژانەی کە زیاتر ئەم تۆرە بەکارئەهێنیت بۆ دەرکەوتووە کە قوتابیانی زانکۆ بە رێژەیەکی چاک بەکاری ئەهێنین بۆ کارە توێژینەوەکان و خزمەتکردنی رەوتی خوێندنی زانکۆی یان بە پلەی دووەم مامۆستایانی زانکۆ دێن کە

ئەوانیش بۆ ئەوەی بەشدار و شارەزای پێشکەوتنە خێراییەکانی جیهان بن ڕۆژانە بەرامبەر مۆنیتەر دائەنیشن و زانیاری نوێ تۆماردەکەن. (ڕواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٩)

## -لایەنە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

١- لە سەرەتای دروستکردنی ئەم تۆرە لە لایەن وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە بووە بۆیە خەڵکانێکی زۆر وائەزانن کە ئەم تۆرە دابینکراوە بۆ ئاشکرا کردن و زانیاری زۆر وورد بە ئاسانی ئەتوانێ بە چاوتروکانێک زانیارییەکان وەربگرێن هەر بۆیە کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسیەکان زۆر باوەڕ و متمانەی پێ ناکەن و بە دەزگایەکی سیخوری لە قەڵەم ئەدەن و بەشداری ناکەن و زانیای زۆر نهێنی خۆیان تێدا ئەمبار ناکەن لەبەر ئەوەی ئەم تۆرە بەرێوەبردن و کارگێرییەکانی لە وڵاتی ئەمریکا لە لایەن (ISCO) لەوانەیەئەو ڕێکخراو و گروپانەی کارەکانیان جیاواز بێت و یەکنەگرێتەوە لەگەڵ بیرو بۆچونی وڵاتە یەکگرتووەکان نەهێڵدرێن تێیدا بڵاوبکرێتەوە و خەڵکی لە هزرەکانیان ئاشنابن. (ڕواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٨)

٢- بڵابوونەوەی بێکاریەکی لە ڕادەبەدەر ئەمەش ئەگەرێتەوە پشت بەستنی زۆربەی کۆمپانیاکان بە تۆڕی ئەنتەرنێت بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی فرۆشتنی پارچەکان. (ڕواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٨)

٣- دیارنەبوونی خاوەنەکەی بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست ئەگەر کارێکی نایاسایی بکرێت سزابدرێن بەمەش ڕێگە خۆش ئەکات بۆ ئەوەی گەندەڵکاری زۆی بکرێت چونکە ئەزانین هیچ یاسایەک نییە تاوانبارییان بکە. (ڕواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٨)

٤- نەبوونی هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتی بۆ سزادانی ئەو بەکارهێنەرانەی کە بەهۆی تۆری ئەنتەرنێتەوە هێرش ئەبەنە سەر بیر و داب و نەریتە پیرۆزەکانی تر و ئەبنە هۆی دروستبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی ترسناک. (ڕواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٨)

٥- بۆ بچوکترین گرفت بگەرێتەوە بۆ ئامێرەکان و کەمتر مێشک بەکار بخات کە ئەمەش جۆرە تەمبەڵیەکی هزری لای بەکارهێنەر دروست دەکات هەر بۆیە ئامێرەکان بە گشتی لە ژمارەیەک قوتابخانە قەدەغەکراون . (ڕواندزی ، ٢٠١٨ ، لا ٥٨).

**باسی چوارەم:- ئامرازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی**

گومان لەوەدانییە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەبێ بوونی پرۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هیچ بەهاو بونێکی نامێنێتەوە چونکە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت خەڵکی زانیارییەکانیان لە ڕێگەی پەیوەندی ئالوگۆڕەوە ئەنجام دەدەن جا پەیوەندییەکی مەبەستداربێت یان بی مەبەست بەسوود یان بێ سوود لە پێناو دەربڕینی بیر و هەستەکان بێت یان ئیتیما ئەوەش لە ڕێگەی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ ڕوودەدات یان وشەی نوسراو یان وشەی زارەکی یان دەربڕین و ئاماژەو هێما پەیوەندی و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە بە ڕێگەی جیاوازەوە کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان لایەنەکانی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئامرازی ناوەندگیرەوە دەبێت کە لێرەدا پوختی دەکەینەوە لە دوو خالێ سەرەکیدا :- (النعیمی، ٢٠١٦، ٢٨٩ص).

أ- ئامرازی زارەکی:-

کارلێکی زارەکی لە پرۆسەی پەروەردەییدا بە چوار شێوە ئەنجام دەدرێت یەکەم/ کارلێکی زارەکی یەک ئاراستە، دووەم/ کارلێکی زارەکی دوو لایەنە، سێیەم/ کارلێکی زارەکی سێ لایەنە، چوارەم/ کارلێکی زارەکی فرە جۆر کارلێک لە ڕێگەی وتەو گفتوگۆی زارەکییەوە دەبێت لە چوار چێوەی زمانی بەکارهاتوودا بە شێوەی جۆرە جیاوازەکانی ( ئاراستەکردنی پرسیار، پێدانی زانیاری و بیرۆکە، پیاهەڵدان و ئاراستەکردنی رەخنە، فەرمان پێکردن و پێدانی ڕێنماییەکان ) ئەم ئامرازەش کاریگەر دەبێت بە جۆری دەنگ و بەرزی و نزمیەکەی خێراییەکەی و کات و بێدەنگی و گوێگرتن و وشە و ماناکانی و بیرۆکە ژینگەی ماددی و دەروونی و دەرفەتی ئاڵوگۆری کارلێکەکە. (النعیمی، ٢٠١٦، ٢٨٩ص).

ب- ئامرازی نازارەکی:-

ئەم ئامرازە بە دوو ڕێگا دەکرێت: کارلێکی زەینی و کارلێکی جەستەیی هەرچی نەچێتە چوارچێوەی زارەکییەوا وەک دەنگ بەبێ وشە دەربڕینەکانی دەم و چاو، ڕەنگ، جل و بەرگ، زەردەخەنە، لە باوەشکردن، زمانی ئاماژە کە ئێستا بۆ کەسانی نابیست و ناگۆ بەکاردێت هەروەک کۆمەڵناس و مرۆڤناسەکان ئەوەیان ناوناوە زمانی بێدەنگ زۆر جاریش بە ڕەفتاری نازارەکی یان زمانی جەستە ناودەبرێت کە ئامرازێکە بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بە هەمان شێوەی دەربڕینی وشەکە لە ڕێگەی دەربڕینەکانی دەم و چاو ئاماژەکان دەستلێدان جوڵەی جەستە شێوازی وەستان ڕازانەوەی جەستە وەک ( جلوبەرگ، خشڵ، ڕێکخستنی قژ تاتۆ ، تەنانەت تۆنی ڕەنگ و بەرزی و نزمیەکەی کە بە نزیکەیی لە ٥٠ - ٦٠ ٪ پەیوەندی پێک دەهێنیت لە نێوان کەسەکاندا. (النعیمی، ٢٠١٦، ٢٨٩ص).

## باسی پێنجەم: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی بە کارلێکی کۆمەڵایەتی

لەم سۆنگەیەوە و بە شێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت و بە تایبەتیش میدیای کۆمەڵایەتی لە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا کاریگەری زۆری کردۆتە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان تەنانەت بەشێکی زۆر لە بەکارهێنەران پەیوەندی نوێ لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە دەدۆزنەوە ئەوەش سەردەکێشێت بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ئۆنلاین لە زۆر حاڵەتدا بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکان و پێشکەوتنی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کاریگەری زۆر لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان دروست بووە تەنانەت مانا و پێناسەی نوێی داوە بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و تەنانەت پەیوەندییە خێزانیەکانیش بۆ نموونە کاتەکانی ناو خێزان گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە ئەوەش بەهۆی بەستنەوەی تاکەکان لە ناو خێزان و شوێنی جیاوازەوە لە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە بۆیە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تابلێتەکان لەناو خێزان کاتەکانی کارکردن و ناو خێزانی تێکەڵ کردووە تەنانەت ئینتەرنێت دەرفەتی بۆ هەندێ کەس ڕەخساندووە لە ماڵەکانیان کار بکەن و مووچە وەربگرن ئەوەش بە لایەنی نێگەتیڤەوە پەیوەندییە زیندووەکان کەم دەکاتەوە و مرۆڤەکان لە یەک دووردەخاتەوە هەروەکو ( cumming butlerand kraut، ٢٠٠٢) ڕوونیدەکەنەوە کە کوالێتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژگاری ئێستادا گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە و ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان دروست کردووە بە تایبەتیش ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە (ئۆنلاین)ەی کە لە ئێستادا لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا خەڵک پشتی پێ دەبەستن. ( احمد ، ٢٠١٩ , ١٩-٨ pp )

هەروەکو چۆن (barghand mckenna , ٢٠٠٤) جەخت لەسەر کاریگەری زۆری ئینتەرنێت دەکاتەوە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە ئینتەرنێت بەهۆی کاریگەری زۆرەکەی ڕۆڵی زۆری بینیوە فۆرمەلەکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا هەر دەربارەی ئینتەرنێت و کاریگەریەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لەو سۆنگەیەوە (Tyler , ٢٠٠٢) پێیوایە کە ئینتەرنێت کاریگەریی ڕێژەیی هەبووە لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی و ڕۆڵی هەبووە لە هەندێک لە گۆرانکارییەکان لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر لایەنی ترەوە کاریگەری کەمی هەبووە بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان یەکێک لەو ڕەهەندە گرنگانەی ژیانی مرۆڤە کە لە سەردەمی جیهانگیری ئێستادا لە ڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە گۆڕانکاری زۆر لەو پەیوەندیانەدا دروست بووە هەر وەک چۆن (shklovski and kraut , ٢٠٠٦)یش ئاماژەی بە کاریگەریەکانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و مۆبایل و لێکەوتەکانیان داوە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا و پێیوایە کە سەردەمی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوو بە ڕێژەی زۆر کۆتایی پێهاتووە و مرۆڤەکانی زۆرینەی پەیوەندیەکانیان لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە دروست دەکەن و ڕێکخستنی پەیوەندی و بۆنە کۆمەڵایەتیە ڕووبەڕووەکانیش هەر لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ڕێکخستنیان بۆ دەکرێت ئەوەش کاریگەری نەرێنی و ئەرێنی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ و داهاتووی پەیوەندیەکانی هەر وەک

به پشت بەستن بەو سەرچاوە زانستیانەی ئاماژەیان پێدراوە دەتوانرێت بوترێت کە بە شێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت وبە تایبەتیش میدیای کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک ، تویتەر ... هتد کاریگەری زۆریان لەسەر گۆڕانکاری بە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دروست کردووە . ( احمد ، ٢٠١٩ , ١٩-٨ pp )

هەر وەک بە پشت بەستن بەو سەرچاوە زانستیانەی ئاماژەیان پێدراوە دەتوانرێت بوترێت کە بە شێوەیەکی گشتی ئینتەرنێت وبە تایبەتیش میدیای کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک ، تویتەر ... هتد کاریگەری زۆریان لەسەر گۆڕانکاری بە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دروست کردووە . ( احمد ، ٢٠١٩ , ١٩-٨ pp )

# دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## بەشی چوارەم: چوارچێوەی کارایییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە:-

١- میتۆدی توێژینەوە

٢- کۆمەڵگای توێژینەوە

٣- نموونەی توێژینەوە

٤- بوارەکانی توێژینەوە:

أ. بواری شوێن.

ب. بواری مرۆیی.

ج. بواری کات.

٥- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری

٦- ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان.

## بەشی چوارەم :چوارچێوەی تیۆری کاراییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە.

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە:-

١- میتۆد: بریتییە لە پرۆسەی چاودێری کردن و شیکردنەوە بە دەستهێنانی ئەو زانیارییانەی بە دەست هاتوون و پۆلێنکردنیان ،پاشان شیکردنەوەی زانیارییە پۆلێنکراوەکان.(شوانی ،٢٠١٥ ، لا:٣٥)

- میتۆدی وەسفی بە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەلایەتی بە نمونە.

### دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە بوارەکانی توێژینەوە:-

١- کۆمەڵگەی توێژینەوە: پێش ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک پێویستە توێژەر ئەوەی لا ڕوون بێت کە توێژینەوە لەسەر کێ دەکات و کێ دەکەوێتە چوارچێوەی توێژینەوەکە واتا کۆمەڵگەی توێژینەوە کێن؟ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەستنیشان بکرێت ،کۆمەڵگەی توێژینەوەوە ئەو کۆمەڵگەیە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت ئامانجی توێژینەوەکەی تێدا بەدەست دێنێت وە ئەنجامەکان بە توانای گشتاندنیان بە سەر تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگاکە هەیە.(شوانی، ٢٠١٥، لا: ٢٤٣و٢٤٤)

- کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کۆلێژی ئاداب_زانکۆی سەلاحەددین هەولێر.

### سێیەم: نموونەی توێژینەوە:-

- نموونەی توێژینەوە:- بریتییە لە گرووپە تاکێک کە تەواو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە بگرێتە خۆ، بەلام بەبێ دەستێوەردانی توێژەر،هەروەها نموونەی توێژینەوە و ڕەنگدانەوەی گشتیی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە پێک دێنێت بەلام بە شێوەیەکی بچووک کراوە و ڕێژەیەکی جێگیری وەرگیراو لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی،لە هەڵبژاردنی جۆری نموونە توێژەر ئازاد نییە کە پشت بە چ جۆرە نموونەیەک دەبەستێت بەڵکۆ ئەوە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و جۆری توێژینەوەکە بڕیار لەسەر جۆری نموونەکە دەدەن نەوەک خواست و ئارەزووی توێژەر، بۆیە کاتێک لیستی ناوی ئەندامانی کۆمەڵگا هەبێت ئەوە کاری توێژەر لە دەستنیشانکردنی جۆری نموونە ئاسان دەبێت،بەلام کە ئەندامانی کۆمەڵگە نەبێت ئەوە کاری توێژەر ئاڵۆز دەبێت و ناچار دەبێت پشت بە نموونەیەکی نائەگەری ببەستێت.(عومەر ،٢٠١٢، لا:٢٤٩).

- نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە نموونەی مەبەستدار سەبارەت بە هەڵبژاردنی نموونە،ئەم توێژینەوەیە بەشێوەی نموونەی چینایەتی کراوە(٥٠)قوتابی وەرگیراوە،واتە یەکەکانی توێژینەوە لەسەر بنەمای ئەوە هەڵدەبژێرین.

- بە نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی ڕێژەیی هەڵبژێردراون.

## چوارەم: بوارەکانی توێژینەوە:-

-بوارەکانی توێژینەوە:هەموو توێژینەوەک سێ بوار لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە:-

أ- بواری شوێن:- زانکۆی سەلاحەدین _هەولێر(کۆلێژی ئاداب)ئێواران.

ب- بواری مرۆیی:- ئەم توێژینەوەیە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە قوتابییانی کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەدین کە بریتین لە (٥٠)قووتابی.

ج- بواری کاتیی:- ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە توێژەر توێژینەوەکەی تێیدا ئەنجام دراوە ،بواری پراکتیکی لێکۆڵینەوە ی توێژینەوەکە لە ٢٠٢٤/٢/١٥ تا ٢٠٢٤/٤/١٠ دەستی پێکردووە

## پێنجەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی:-

- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری: لەم لێکۆڵینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری بەکار هێنراوە فۆرمی ڕاپرسی کۆمەڵێک پرسیارە بۆ بە دەستهێنانی هەندێک زانیاری کە لە لایەن خەڵکەوە دەهێڵرێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتێک کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە.(شوانی ،٢٠١٥، لا:٣٥٤)

## شەشەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:-

ئەم ئامرازە ئامارییەم بەکارهێناوە بۆ نەخشە بەندکردن و ڕێکخستنی داتا و زانیارییەکان

١- یاسای ڕێژەی سەدی: ڕێژەی سەدی= بەش ÷ گشت ×١٠٠

## بەشی پێنجەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

### باسی یەکەم: خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان

### باسی دووەم: ئەنجام و پیشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

دووەم: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

سێیەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

سەرچاوەکان

پاشکۆ

## بەشی پێنجەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

### باسی یەکەم :- خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکان

**خشتەی (١) ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٢١ | ٤٢٪ |
| مێ | ٢٩ | ٥٨٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

بەپێی خشتەی (١) کە باس لە ڕەگەز دەکاتن ٪ ٤٢ ڕەگەزی نێر وەرگێراوە, ٪٥٨ ڕەگەزی مێ وەرگیراوە کە زۆرترین ڕەگەز ڕەگەزی مێیە

**خشتەی(٢) تەمەن**

| بەشداربووان | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢١ – ٢٥ | ٢٧ | ٥٤ ٪ |
| ٢٦ – ٣٠ | ٦ | ١٢ ٪ |
| ٣١ – ٣٥ | ٣ | ٦ ٪ |
| ٣٦ – ٤٠ | ٥ | ١٠ ٪ |
| ٤١ – ٤٥ | ٤ | ٨ ٪ |
| ٤٦ – ٥٠ | ٥ | ١٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٧) بەشداربوو تەمەنیان لە نێوان (٢١ – ٢٥) ساڵی دایە کە دەکاتە (٥٤٪) بەشداربووان پێک دێنییت، هەروەها (٦) بەشداربوو تەمەنیان لە نێوان (٢٦ – ٣٠ ساڵی)دایە کە دەکاتە (١٢٪) بەشداربووان، (٣) بەشداربوو تەمەنیان لە نێوان (٣١ – ٣٥) ساڵی دایە کە دەکاتە (٦٪) بەشداربووان ، (٥) بەشداربوو تەمەنیان لە نێوان (٣٦ – ٤٠) ساڵی دایە کە دەکاتە (١٠٪) بەشداربووان، (٤) بەشداربوو تەمەنیان لە نێوان(٤١ – ٤٥) ساڵی دایە کە دەکاتە (٨٪) بەشداربووان، (١) بەشداربوو تەمەنی لە نێوان (٤١ – ٤٥) ساڵی دایە کە دەکاتە (٢٪) کۆی بەشداربووان ، (٥) بەشداربوو تەمەنیان لە نێوان (٤٦ – ٥٠) ساڵی دایە کە دەکاتە (١٠٪) کۆی بەشداربووان.

## خشتەی (٣) دیاریکردنی باری کۆمەڵایەتی

| وەڵام | ژمارەکان | ریژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | ٣٢ | ٪ ٦٤ |
| خێزاندار | ١٨ | ٪ ٣٦ |
| جیابۆوە | – | – |
| تاک مردوو | – | – |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

بەپێی خشتەی (٢) ٪٦٤ سەڵتن کە بە پلەی یەکەم دێت, وە ٪٣٦ خێزاندارن کە بە پلەی دووەم دێت.

## خشتەی (٤) باری ئابوری

| وەڵام | ژمارەکان | ریژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | ٢١ | ٪ ٤٢ |
| ناوەند | ٢٩ | ٪ ٥٨ |
| خراپ | | |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

بەپێی خشتەی(٤) کە باس لە ئابوری دەکات ٪٥٨ باری ئابورییان ناوەندە ٪٤٢ باری ئابورییان باشە کەواتە بەپێی ئەم خشتەیە باری ئابوری بەشداربووان بەزۆری ناوەندە.

## خشتەی(٥) جۆری نیشتەجێبوون

| وەڵام | ژمارەکان | ریژەی سەدی |
|---|---|---|
| موڵک | ٣٦ | ٪ ٧٢ |
| کرێ | ١٠ | ٪ ٢٠ |
| هیتر | ٤ | ٪ ٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

بە پێی خشتەی (٥) کە باس لە جۆری نیشتەجێبوون دەکات کە ٪٧٢ جۆری نیشتەجێبوونی موڵکە، ٪٢٠ جۆری نیشتەجێبوونی کرێیە وە لە ٪٨ هیتر تیایدا دەژین کەواتە بەپێی ئەم خشتەیە جۆری نیشتەجێبوون بە زۆری موڵکە

**خشتەی (٦) بەسەربردنی کاتێیکی  زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە بەهۆی لەشگرانیت:-**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٦ | ٪ ٥٢ |
| نەخێر | ٢ | ٪ ٤ |
| تاڕادەیەک | ٢٢ | ٪ ٤٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی (٦) بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٦) بەشداربوو پێیان وایە کە بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی لەشگرانیت کە دەکاتە نزیکەی (٪٥٢) کۆی بەشدابووان، هەروەها (٢) بەشداربوو پێیانوایە کە بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی لەشگرانیت کە دەکاتە (٪٤) کۆی بەشداربووان، هەروەها (٢٢)بەشداربوو پێیانوایە کە تا رادەیەک بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی لەشگرانیت کە دەکاتە (٪٤٤) کۆی بەشداربووان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوە کە پێیان وایە کە بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی لەشگرانی.

**خشتەی (٧) لە میانەی بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆکاریک لە هۆشیاری و کرانەوەی بیرکردنەوەکانت**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٢ | ٪ ٤٤ |
| نەخێر | ٥ | ٪ ١٠ |
| تاڕادەیەک | ٢٣ | ٪ ٤٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی (٧) بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٢) بەشداربوو پێیانوایە کە لە میانەی بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆکارێک لە هۆشیاری و کرانەوەی بیرکردنەوەکانت کە دەکاتە (٪٤٤) کۆی بەشداربووان، هەروەها (٥) بەشداربوو کە نەخێر پێیانوایە کە لە میانەی بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ببێتە هۆکارێک لە هۆشیاری و کرانەوەی بیرکردنەوەکانت کە دەکاتە (٪١٠) کۆی بەشداربووان، هەروەها (٢٣) بەشداربوو کە تا ڕادەیەک پێیانوایە لە میانەی بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆکاری لە هۆشیاری و کرانەوەی بیرکردنەوەکانت کە دەکاتە (٪٤٦) کۆی بەشداربووان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوە کە پێیان وایە کە تاڕادەیەک لە میانەی بەسەربردنی کاتەکانیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆکارێک لە هۆشیاری و کرانەوەی بیرکردنەوەکان

**خشتەی (٨) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات کەم دەکاتەوە لە بە جێگەیاندنی کار و ئەرکەکانت**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٥ | ٥٠ ٪ |
| نەخێر | ٣ | ٦ ٪ |
| تاڕادەیەک | ٢٢ | ٤٤٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (٨) بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٥) بەشداربوو پێیانوایە کە بەڵێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات کەم دەکاتەوە لە بە جێگەیاندنی کارو ئەرکەکانت کە دەکاتە (٥٠٪) کۆی بەشداربووان، هەروەها (٣) بەشداربوو کە نەخێر پێیانوایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات کەمناکاتەوە لە بە جێگەیاندنی کارو ئەرکەکان کە دەکاتە (٦٪) کۆی بەشداربووان، هەروەها (٢٢) بەشداربوو کە تاڕادەیەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات کەم دەکاتەوە لە بە جێگەیاندنی کارو ئەرکەکان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات کەم دەکاتەوە لە بە جێگەیاندنی کارو ئەرکەکانیان.

**خشتەی (٩) بەکارهێنانی هەریەک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە هیچ سودێکی کۆمەڵایەتی پێگەیاندوویت**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٦ | ٥٢ ٪ |
| نەخێر | ٦ | ١٢ ٪ |
| تاڕادەیەک | ١٨ | ٣٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠٪ |

لە خشتەی (٩) بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٦) بەشداربوو پێیانوایە بەڵێ بەکارهێنانی هەریەک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە کە سودێکی کۆمەڵایەتی پێگەیاندوین کە دەکاتە (٥٢٪) کۆی بەشداربووان، هەروەها (٦) بەشداربوو کە نەخێر بەکارهێنانی هەریەک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە هیچ سودێکی کۆمەڵایەتی

پێنەگەیاندوونە کە دەکاتە (١٢٪) کۆی بەشداربوو، هەروەها (١٨) بەشداربوو کە پێیانوایە کە تاڕادەیەک بەکارهێنانی هەریەک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە سودێکی کۆمەڵایەتی پێگەیاندوونە

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە کە بەکارهێنانی هەریەک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە سودێکی کۆمەڵایەتی پێگەیاندوونە.

**خشتەی (١٠) بڵاوکراوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی گۆڕان لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوت بە سەردەمیانە**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٨ | ٪ ٣٦ |
| تاڕادەیەک | ٢٨ | ٪ ٥٦ |
| نەخێر | ٤ | ٪ ٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی (١٠)دا بۆمان دەردەکەوێت کە (١٨) بەشداربوو پێیانوایە بەڵێ بڵاوکراوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی گۆڕان لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوت بە سەردەمیانە کە دەکاتە نزیکەی (٣٦٪) کۆی بەشداربووان ، هەروەها (٢٨) بەشداربوو پێییان وایە تا ڕادەیەک بڵاوکراوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی گۆڕان لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوت بە سەردەمیانە هەروەها (٤) بەشداربوو پێیان وایە کە نەخێر بڵاوکراوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نەبۆتە هۆی گۆڕان لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوت بە سەردەمیانە.

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە کە تا ڕادەیەک بڵاوکراوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی گۆڕان لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوت بە سەردەمیانە

**خشتەی (١١) لە کاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەست بە دووره پەرێزی دەکەیت لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەکان.**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | ٤٦ ٪ |
| تاڕادەیەک | ٢٠ | ٤٠ ٪ |
| نەخێر | ٧ | ١٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (١١) بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٣) بەشداربوو پێیانوایە کە بەڵێ لە کاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەست بە دووره پەرێزی دەکەیت لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٤٦٪) کۆی بەشداربووان ، (٢٠) بەشداربوو پێیانووایە کە تاڕادەیەک لە کاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەست بە دووره پەرێزی دەکەیت لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها (٧) بەشداربوو پێیانووایە نەخێر بەرارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەرۆن هەست بە دووره پەرێزی ناکات لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەکان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە لە کاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەست بە دووره پەرێزی دەکەیت لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەکان.

**خشتەی (١٢) پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز بووە بە هۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢ | ٢٤ ٪ |
| نەخێر | ٢١ | ٤٢ ٪ |
| تاڕادەیەک | ١٧ | ٣٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (١٢) بۆمان دەردەکەوێت کە (١٢) بەشداربوو پێیانوایە کە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز بووە بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٢٤٪) کۆی بەشداربووان، هەروەها (٢١) بەشداربوو پێیانووایە نەخێر پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز نەبووە بە هۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٤٢٪) کۆی بەشداربووان، هەروەها (١٧) بەشداربوو

پێیانووایە  کە تا ڕادەیەک پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاوازبووە بە هۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٪٣٤) کۆی بەشداربووان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە نەخێر پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز نەبووە بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**خشتەی (١٣) دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن بە هۆی بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥ | ٣٠ ٪ |
| نەخێر | ١٨ | ٣٦ ٪ |
| تاڕادەیەک | ١٧ | ٣٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (١٣) بۆمان دەردەکەوێت کە (١٥) بەشداربوو پێیانوایە بەڵێ کە دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن بەهۆی بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٪٣٠) کۆی بەشداربووان، وە (١٨) بەشداربوو پێیانووایە نەخێر دەوربەرت گلەیت لێناکەن بەهۆی بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٪٣٦) کۆی بەشداربوان وە (١٧) بەشداربوو پێیانوایە کە تاڕادەیەک دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن بەهۆی بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە کە نەخێر دەوروبەرت گلەیت لێناکەن بەهۆی بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

**خشتەی (١٤) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاساییە بەلاتەوە گفتوگۆ لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر بکەی.**

| ڕێژەی سەدی | ژمارەکان | وەڵام |
|---|---|---|
| ٪ ٣٢ | ١٦ | بەڵێ |
| ٪ ١٨ | ٩ | نەخێر |
| ٪ ٥٠ | ٢٥ | تاڕادەیەک |
| ٪ ١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لە خشتەی (١٤) بۆمان دەردەکەوێت کە (١٦) بەشداربوو پێیانوایە بەڵێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاساییە بەلایەوە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بکات کە دەکاتە (٪٣٢) کۆی بەشداربوان، وا (٩) بەشداربوو پێیانوایە نەخێر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسایی نییە بەلایەوە کە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بکات کە دەکاتە (٪١٨) کۆی بەشداربووان، (٢٥) بەشداربوو پێیانوایە تاڕادەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاساییە بەلایەوە کە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بکات کە دەکاتە (٪٥٠) کۆی بەشداربوان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە کە تاڕادەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاساییە بەلاییانەوە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بکەن

**خشتەی (١٥) پێتووایە ئەگەر بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بتوانیت ببێت بە کەسێکی چالاک بۆ هۆشیارکردنەوەی چواردەورت لە مەترسیە کۆمەڵایەتییەکان**

| ڕێژەی سەدی | ژمارەکان | وەڵام |
|---|---|---|
| ٪ ٤٦ | ٢٣ | بەڵێ |
| ٪ ٦ | ٣ | نەخێر |
| ٪ ٤٨ | ٢٤ | تاڕادەیەک |
| ٪ ١٠٠ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لە خشتەی (١٥) بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٣) بەشداربوو پێیانووایە بەڵێ ئەگەر بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بتوانێت ببێت بە کەسێکی چالاک بۆ هۆشیارکردنەوەی چواردەورت لە مەترسیە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٪٤٦) کۆی بەشداربووان (٣) بەشداربوو پێیانووایە نەخێر ئەگەر بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانیت ببیت بە کەسێکی چالاک بۆ هۆشیارکردنەوەی چواردەورت لە مەترسیە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٪٦) کۆی بەشداربووان وە (٢٤) بەشداربوو پێیانووایە کە تاڕادەیەک ئەگەر بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بتوانیت ببیت بە کەسێکی چالاک بۆ هۆشیارکردنەوەی چواردەورت لە مەترسیە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکاتە (٪٤٨) کۆی بەشداربووان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە کە تاڕادەیەک ئەگەر بەردەوام بێت لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بتوانیت ببیت بە کەسێکی چالاک بۆ هۆشیارکردنەوەی چواردەورت لە مەترسیە کۆمەڵایەتییەکان

**خشتەی (١٦) لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و دروستبوونی پەیوەندی هاوڕێیەتی ڕای هاوڕێکانت وەردەگریت.**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٧ | ٣٤ ٪ |
| نەخێر | ١٠ | ٢٠ ٪ |
| تاڕادەیەک | ٢٣ | ٤٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (١٦) بۆمان دەردەکەوێت کە (١٧) بەشداربوو پێیانووایە کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبوونی پەیوەندی هاوڕێیەتی ڕای هاوڕێکانت وەردەگریت کە دەکاتە (٣٤٪) کۆی بەشداربووان، (١٠) بەشداربوو پێیانوایە کە نەخێر لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبوونی پەیوەندی هاوڕێیەتی ڕای هاوڕێکانت وەرناگریت کە دەکاتە (٢٠٪) کۆی بەشداربووان (٢٣) بەشداربوو پێیانووایە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبوونی پەیوەندی هاوڕێیەتی ڕای هاوڕێکانت وەردەگرێت

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە کە پێیان وایە کە تاڕادەیەک لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبوونی پەیوەندی هاوڕێیەتی ڕای هاوڕێکانت وەرگیرێت.

**خشتەی (١٧) لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سود وەردەگیرێت لە سەرچاوە زانستیە جیاوازەکان**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٤ | ٦٨ ٪ |
| نەخێر | ٣ | ٦ ٪ |
| تاڕادەیەک | ١٣ | ٢٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (١٧)دا بۆمان دەردەکەوێت کە (٣٤) بەشداربوو پێیانوایە کە بەڵێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سود وەردەگیرێت لە سەرچاوە زانستیە جیاوازەکان کە دەکاتە (٦٨٪) کۆی بەشداربووان ، هەروەها (٣) بەشداربوو پێییان وایە کە نەخێر لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سود وەرناگیرێت لە سەرچاوە زانستیە

جیاوازەکان کە دەکاتە (٦٪) کۆی بەشداربووان ، (١٣) بەشداربوو پێیان وایە کە تا ڕادەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سود وەردەگیرێت لە سەرچاوە زانستیە جیاوازەکان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سود وەردەگیرێت لە سەرچاوە زانستیە جیاوازەکان

**خشتەی (١٨) لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ هاوڕێکانت کارلێک دەکەن**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٨ | ٥٦ ٪ |
| نەخێر | ٤ | ٨ ٪ |
| تاڕادەیەک | ١٨ | ٣٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (١٨)دا بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٨) بەشداربوو پێیانوایە کە بەڵێ لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ هاوڕێکانیان کارلێک دەکەن کە دەکاتە (٥٦٪) کۆی بەشداربووان هەروەها (٤) بەشداربوو پێییان وایە کە نەخێر لە نێو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ هاوڕێکانیان کارلێک ناکەن کە دەکاتە (٨٪) کۆی بەشداربووان ، (١٨) بەشداربوو پێیان وایە کە تا ڕادەیەک لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ هاوڕێکانیان کارلێک دەکەن کە دەکاتە (٣٦٪) کۆی بەشداربووان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ هاوڕێکانیان کارلێک دەکەن

**خشتەی (١٩) لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیم لەگەڵ ناسنامەی جیاواز هەیە**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠ | ٢٠ ٪ |
| نەخێر | ٢٤ | ٤٨ ٪ |
| تاڕادەیەک | ١٦ | ٣٢ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی (١٩) بۆمان دەردەکەوێت کە (١٠) بەشداربوو پێیانوایە بەڵێ لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندییان لەگەڵ ناسنامەی جیاواز هەیە کە دەکاتە (٢٠٪) کۆی بەشداربووان ، هەروەها (٢٤) بەشداربوو پێییان وایە کە نەخێر لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندییان لەگەڵ ناسنامەی جیاواز نییە

که دەکاتە (٤٨٪) کۆی بەشداربووان ، (١٦) بەشداربوو پێیان وایە کە تا ڕادەیەک لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندییان لەگەڵ ناسنامەی جیاواز هەیە کە دەکاتە (٣٢٪) کۆی بەشداربووان ،

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە نەخێر لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندییان لەگەڵ ناسنامەی جیاواز نییە

**خشتەی (٢٠) حەز بە ناسینی کەسانی نوێ دەکەیت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بەراورد بە ژیانی ئاسایی**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣ | ٪ ٢٦ |
| نەخێر | ٢١ | ٪ ٤٢ |
| تاڕادەیەک | ١٦ | ٪ ٣٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی (٢٠) بۆمان دەردەکەوێت کە (١٣) بەشداربوو پێیانوایە کە بەڵێ حەز بە ناسینی کەسانی نوێ دەکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بەراورد بە ژیانی ئاسایی کە دەکاتە (٢٦٪) کۆی بەشداربوو ، هەروەها (٢١) بەشداربوو پێییان وایە کە نەخێر حەز بە ناسینی کەسانی نوێ ناکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بەراورد بە ژیانی ئاسایی کە دەکاتە (٤٢٪) کۆی بەشداربووان ، (١٦) بەشداربوو پێیان وایە کە تا ڕادەیەک حەز بە ناسینی کەسانی نوێ دەکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بەراورد بە ژیانی ئاسایی کە دەکاتە (٣٢٪) کۆی بەشداربووان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە نەخێر حەز بە ناسینی کەسانی نوێ ناکەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە بەراورد بە ژیانی ئاسایی.

**خشتەی (٢١) تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بووە بە ڕێگەیەکی نوێ بۆ دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣ | ٢٦ ٪ |
| نەخێر | ٦ | ١٢ ٪ |
| تاڕادەیەک | ٣١ | ٦٢ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی (٢١) بۆمان دەردەکەوێت کە (١٣) بەشداربوو پێیانوایە کە بەڵێ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بووە بە ڕێگەیەکی نوێ بۆ دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە دەکاتە (٢٦٪) کۆی بەشداربوو ، هەروەها (٦) بەشداربوو پێییان وایە کە نەخێر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نەبووە بە ڕێگەیەکی نوێ بۆ دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە دەکاتە (١٢٪) کۆی بەشداربووان ، (٣١) بەشداربوو پێیان وایە کە تا ڕادەیەک تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بووە بە ڕێگەیەکی نوێ بۆ دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کە دەکاتە (٣١٪) کۆی بەشداربووان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە تا ڕادەیەک تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بووە بە ڕێگەیەکی نوێ بۆ دروست کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان

**خشتەی (٢٢) بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی ئاڵوگۆری زانیاری بابەتەکانی خوێندنت لەگەڵ قوتابییانی دیکە**

| وەڵام | ژمارەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٤ | ٤٨ ٪ |
| نەخێر | ٣ | ٦ ٪ |
| تاڕادەیەک | ٢٣ | ٤٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی (٢٢) بۆمان دەردەکەوێت کە (٢٤) بەشداربوو پێیانوایە کە بەڵێ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی ئاڵوگۆری زانیاری بابەتەکانی خوێندنت لەگەڵ قوتابیانی دیکە کە دەکاتە (٤٨٪) کۆی بەشداربوو ، هەروەها (٣) بەشداربوو پێییان وایە کە نەخێر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نەبۆتە هۆی ئاڵوگۆری زانیاری بابەتەکانی خوێندنت لەگەڵ قوتابیانی دیکە کە دەکاتە (٦٪) کۆی بەشداربووان ، (٢٣) بەشداربوو پێیان وایە کە تا ڕادەیەک بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

بۆته هۆی ئاڵوگۆری زانیاری بابەتەکانی خوێندنت لەگەڵ قوتابیانی دیکە کە دەکاتە (٤٦٪) کۆی بەشداربووان

ئەندامانی نموونەیی توێژینەوەکە پێیان وایە کە بەڵێ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆی ئاڵوگۆری زانیاری بابەتەکانی خوێندنت لەگەڵ قوتابیانی دیکە

**باسی دووەم: ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە**

**یەکەم: دەرەنجام:-**

١- تا رادەیەک  بەسەربردنی کاتی قوتابییان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆکارێک لە هۆشیاری و کرانەوەی بیرکردنەوەکانیان

٢- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کات کەم دەکاتەوە لە بە جێگەیاندنی کارو ئەرکەکانت

٣- بەکارهێنانی هەریەک لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە سودێکی کۆمەڵایەتی پێگەیاندوونە

٤- تا ڕادەیەک بڵاوکراوەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی گۆڕان لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوت بەسەردەمیانە.

٥- لە کاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەست بە دووره پەرێزی دەکەیت لە چوار چێوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

٦-نەخێر پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز نەبووە بەهۆی بەکارهێنانی تورە کۆمەڵایەتییەکان

٧- نەخێر دەوروبەر گلەیت لێناکەن بە هۆی بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

٨- تا ڕادەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاساییە بەلاییا نەوە کفتوگۆ لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر بکەن

٩- تا ڕادەیەک ئەگەر بەردەوام بێت لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بتوانیت ببیت بەکەسێکی چالاک بۆ هۆشیارکردنەوەی چواردەورت لە مەترسیە کۆمەڵایەتییەکان

١٠- تا ڕادەیەک لە رێگەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دروست بونی پەیوەندی هاوێیەتی رای هاورێکانت وەردەگریت

**دووەم: ڕاسپاردە:-**

١- پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندن پێوستە کتێب و گوتاری زانستی دەربارەی بابەتی لێتوێژراو لە زمانە سیانیەکانەوە و بە تایبەتیش زمانە ئەوروپییەکان وەربگێرن بۆ سەر زمانی کوردی

٢- توێژەرانی دیکە توێژینەوەی تایبەتی زانستی سەبارەت بە لایەنێکی دیاریکراوی ئینتەرنێت لەسەر کۆمەڵگە ئەنجام بدەن وەک لایەنە پۆزەتیڤ  یاخود لایەنە نێگەتیڤەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی یان توێژێکی دیاریکراو یان ڕەگەزێکی دیاریکراو

٣- توێژەرانی دیکە توێژینەوەی سەبارەت بە جۆرێکی دیاریکراوی سۆشیال میدیا بکەن وەک (فەیسبووک یان ڤایبەر...) کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگە و شێوەو ئاراستەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێی ئەم کەناڵە ئەلیکترۆنیانەوە

کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆشیاری کامەڵایەتی لای گەنجان لە هەرێمی کوردستان

**سێیەم: پێشنیار: -**

١- کارکردن لەسەر شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر توێژی گەنجان لە ڕێگەی خول و سمینارو ورک شۆپ لە لایەن توێژەران و شارەزایان و شارەزایان و مامۆستایانی زانکۆ، بۆ ئەوەی زانستییانە ڕێگا چارەکانی خۆ پارێزی لە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت ئاشنابن بە بەکارهێنەران بە گشتی و گەنجان بە تایبەتی.

٢- سەنتەرێکی میدیاکان لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە کە تایبەت بێت بە پرسە میدیاکان لە ناویدا پرسی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی زانستیانە رەهەند باش و خراپەکانی بەکارهێنانی ئەم تۆڕانە بۆ بەکارهێنەران بە گشتی گەنجان بە تایبەتی شیبکرێتەوە

٣- گرنگیدان پتر بە لایەنی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی و کاریگەرییەکانی لەسەر توێژی گەنجان بە گشتی لە هەرێمی کوردستان و کاریگەری و لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی لەسەر بەکارهێنەران.

# لیستی سەرچاوەکان :

## سەرچاوە کوردییەکان:


١- ئەلحەسەن, ئیحسان, محمد. ( ٢٠١٢ ) ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی چاپخانەی پەخشی سەردەم – سلێمانی.

٢- عبدالرحمن , کارزان حسن . ( ٢٠٠٨ ) ڕۆڵی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی لەدروستکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان . لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر.

٣- ڕەواندزی ، لقمان قادر ، (٢٠٠٠) ئینتەرنێت ، هەولێر

٤- احمد ، رمضان ، ئاراز ،(٢٠١٩) بەشی کارگێری ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی ڕاپەرین ، هەرێمی کوردستان ، عێراق ،PP٨-١٩

٥- شێخانی ، زیاد گۆران ، ٢٠٢٠ تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و هۆشیاری گەنجان ، چاپخانەی چوارچرا سلێمانی

٦- عومەر ، مەعن خەلیل ، (٢٠١٢) ، مستۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا ، محمد شوانی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر

٧- عومەر ، مەعن خەلیل (٢٠١١) ، ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا و زیرەک احمد رەحمان ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر

٨- شوانی ، محمد ، ٢٠١٥ ، سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا ، چاپخانەی هێڤی – هەولێر

## سەرچاوەی عربی:


٩- عيد , محمد فتحي. ( ٢٠٢٣ ) الانترنيت و دورة في انتشار المخدرات . الرياض : أكاديمية نايف العربية العلوم الامنية.

١٠- محمد , دانا فاضل . ( ٢٠١٤ ) الاثار الاجتماعية والثقافية لاستخدام الانترنيت على الشباب . دراسة ميدانية على عينة من الشباب في جامعة السليمانية.

١١- نومار , مريم نريمان . ( ٢٠١٢ ) استخدام مواقع الشبكات الاجتماعية و تأثيره في العلاقات , الاجتماعية دراسة من مستخدمي موقع الفايسبوک في الجزائر.

١٢- الشهيري , حنان بنت شعشوع . ( ٢٠١٣ ) أثر استخدام شبكات التواصل الالكترونية على العلاقات الاجتماعية الفيس بوک و تويتر نموذجا.

١٣- مجر جودة النعيمى ، علم النفس الاجتماعي دراسة لخفايا الإنسان و قوي المجتمع ، بيروت الرافدين اوماء بغداد.). ٢٠١٦ opus publisher london (

## سەرچاوەی ئینگلیزی:


١٤- Rouis , Limayem M, and Salehi – Sangari, E. ( ٢٠١١ ) Impact of Facebook usage on students academic achievement.

١٥- Farrugia , Riannec . ( ٢٠١٣ ) Facebook and Relationshilosz Astudy of how social media use is affecting long – term relation shilo.

١٦- Schaefer , T.R. ( ٢٠٠٥ ) sociology . ٩th ed . new york : MC Graw – Hill.

زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی ئێواران

**پرسیارنامە**

سڵاو ڕێز .........

ئەو فۆرمەی لەبەردەستتدایە ئامادەکراوە بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لە بواری کۆمەڵناسی، بەناونیشانی (**کاریگەری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان قوتابیان**)، تۆی بەڕێزیش هەڵبژێردراوی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەم فۆرمە، بە وەڵامدانەوەت بەهەستێکی لێپرسراوانە و ڕاشکاوانە بۆ سەرجەم بڕگەکان، بەشدار دەبیت لە سەرخستن و دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە، هاوکاریتان جێگەی سوپاس و پێزانینە.

**تێبینی:-**

١-پێویست بە ناونووسین ناکات.

٢-لەبەرامبەر هەر پرسیارێک سێ وەڵام دانراوە هێمای (✓) لەم وەڵامەدا دابنێ کە هەڵدەبژێریت.

٣-تکایە هەموو بڕگەکان وەڵام بدەوە بۆ هەر بڕگەیەکیش تەنها یەک وەڵام هەڵبژێرە.

٤-هەموو ئەو زانیاریانەی لەڕێگەی ئەم فۆرمە کۆدەکرێتەوە بەنهێنی دەمێنێتەوە تەنها بەمەبەستی زانستی بەکاردەهێنرێت.

**ئامادەکردنی قوتابی:** **بەسەرپەرشتی:**

**پەیام صالح عزیز** **م. ی. روستم صابر مصطفى**

زانیارییە گشتییەکان:

١. ڕەگەز: نێر(  )، مێ(  ).
٢. تەمەن(      ).
٣. باری کۆمەڵایەتی: سەڵت (  )، خێزاندار (  )، جیابۆوە (  )، هاوسەر مردوو (  ).
٤. باری ئابووری: باش (  )، ناوەند (  )، خراپ (  ).
٥. جۆری نیشتەجێبوون: کرێ (  )، موڵک (  )، هیتر(__________).

**زانیارییە تایبەتییەکان**

| ژمارە | بڕگەکان | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ٦. | بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی لەش گرانیت. | | | |
| ٧. | لە میانەی بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆکارێک لە هۆشیاری و کرانەوەی بیرکردنەوەکانت. | | | |
| ٨. | تۆرە کۆمەڵایەتییەکان کات کەم دەکاتەوە لەبەجێگەیاندنی کار و ئەرکەکانت. | | | |
| ٩. | بەکارهێنانی هەریەک لەو تۆرە کۆمەڵایەتییانە هیچ سودێکی کۆمەڵایەتی پێگەیاندویت. | | | |
| ١٠. | بڵاوکراوەکانی نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی گۆڕان لە شێواز و ڕەفتارو هەڵسوکەوت بە سەردەمیانە. | | | |
| ١١. | لەکاتی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەست بە دوورە پەرێزی دەکەیت لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان. | | | |
| ١٢. | پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز بووە بەهۆی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان. | | | |
| ١٣. | دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن بەهۆی بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان. | | | |
| ١٤. | ئایا لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئاساییە بەلاتەوە کفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بکەی. | | | |
| ١٥. | پێت وایە ئەگەر بەردەوام بیت لە بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بتوانێت ببیت بە کەسێکی چالاک بۆ هۆشیارکردنەوەی چواردەورت لە مەترسیە کۆمەلاتییەکان. | | | |
| ١٦. | لەرێگەی بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبونی پەیوەندی هاورێیەتی ڕای هاورێکانت وەردەگریت. | | | |

| ژماره | بڕگەکان | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| .١٧ | لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان سود وەردەگریت لەسەرچاوە زانستیە جیاوازەکان. | | | |
| .١٨ | لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ هاورێکانت کارلێک دەکەن. | | | |
| .١٩ | لە نێو تۆرە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیم لەگەڵ ناسنامەی جیاواز هەیە. | | | |
| .٢٠ | حەز بە ناسینی کەسانی نوێ دەکەیت لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە بەراورد بە ژیانی ئاسایی. | | | |
| .٢١ | تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بووە بە رێگەیەکی نوێ بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. | | | |
| .٢٢ | بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە هۆی ئالوگۆری زانیاری بابەتەکانی خوێندنت لەگەڵ قوتابیانی دیکە. | | | |